## پەرلەمانی کوردستان هەموو ئەرکەکانی جێبەجی کردوە تەنها ئیدانەکردنی دانیمارک مابوو! ... مەریوان نەقشبەندی

رۆژی دووشەممە 2006/2/6 سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەیاننامەیەکی دەرکرد کەمن چاوەڕێم دەکرد هاوخەمی بۆ لێقەوماوانی باران و لافاوی رۆژی 2006/2/3 ی کوردستانەوە دەربڕێت، بەڵام ئەم (سەرۆکایەتیە) خەمخۆرەی پەرلەمان لەراگەیاندنەکەیدا لەجیاتی دڵدانەوەی خەڵکی لێقەوماو و بێ نەوت و سوتەمەنی کوردستان و خەڵکی ماڵ ڕوخاوی گەرەکە هەژارنشینەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، رۆیشتە پاڵ چەند خۆپیشاندەرێکی شاری سلیمانی شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری عەلمانیەت و ئازادی و داهێنان و لانکەی (شۆرشی نوی) و چووە پاڵ ئیسلامیەکانی سوریا و ئەندەنوسیا و ئیخوانەکانی میسر و (زنجیر وەشێنەکانی) موقتەدا سەدر لە نەجەف و کەربەلا و شمشێربەدەستەکانی سعودیەو ئەردەن و نارەزایی دژی دانیمارك و نەرویج و (رەنگە لەئایندەشدا هەموو جیهانی غەیرەئیسلامی) دەربڕی چونکە (رۆژنامەیەك) ی دانیمارکی پێش چەند مانگێك سوکایەتی بە پێغەمبەری ئیسلام (د. خ) کردوە و دواتریش لە چەند کەناڵ و رۆژنامەیەکی ئەورویی و ئوسترالی و عەرەبیدا سەرلەنوی بڵاوکرایەوە.
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەجیاتی ئەوەی بۆ قورسایی و شەرعیەتی خۆی بسەپێنێت و گوشار بخاتە سەر مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی تا ئیدارەکان بکەنەوە بەیەك و ئەو یەکگرتنەوەیەی چەندین هەفتەیە راگەیەنراوە جێبەجێی بکەن و توانای سیاسی و مادی و ئیداری کورد یەکبخەنەوە و بەهێز بکەن، لەجیاتی ئەوەی وەزیر و بەرپرسە حکومیەکان ئەوانەی لە گەندەڵی و فەزیحەتی هەرەسهێنانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی کوردستان بەرپرسیارن، راپێچی هۆڵی پەرلەمان و رەوانەی دادگایان بکات، هاتوە موجامەلەی ئەو لایەنە ئیسلامیانە دەکات کە رێز لەشەهیدانی کوردستان ناگرن و سرودی ئەی رەقیب بە ناشەرعی لەقەلەم دەدەن و ئامادەش نین لەئاست مارشی نەتەوەیی کورد دا رابوەستن، گەرەکی تەیراوە و تەعجیل و زۆربەی ناوچە هەژارنشینەکانی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی هاوسۆزی و بەسەرکردنەوەی سەرۆکی پەرلەمان بوون لەوکاتەی ماڵەکانیان روخا و بو بەژێر ئاوەوە، خەڵکی سلێمانی چاوەڕێی ئەوەبوون پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەك پێکبهێنێت بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری هەرەسهێنانی بەنداوە تازەدروستکراوەکەی سەرچنار و خەڵکی دهۆکیش لەچاوەڕێی ئەوەدابوون سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵوێستێکی روون و ئاشکرا و عەمەلی هەبوایە بەرامبەر بە سوتاندن و تالانکردنی چەندین بارەگای یەکگرتووی ئیسلامی لەو دەڤەرەدا، کەئەمانەی هەموو نەکرد دەبوو خۆشی لەکارێکدا هەڵنەقورتاندایە کە نە ئیشی ئەوە و نە هیچیشی لێدەزانی. خۆ ئەگەر پێویست بێت پەرلەمانی کوردستان دژی رۆژنامە دانیمارکیەکە و دژی سوکایەتیکردن بە ئیسلام لەدورەوڵاتێکی وەکو دانیمارك، ئەوا دەبوو لیژنەی ئەوقاف لەپەرلەمانی کوردستان ئەو کارەی لەئەستۆ بگرتایە کە چەندین کەسایەتی ئاینی ئەندام لە پارتی و یەکێتی و ئەندامانی کارای حزبە ئیسلامیەکانی کوردستان تیایدا ئەندامن،
جا ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەم ڕێڕەوە کاربکات و بەم پێوەرە شەرعیەتی خۆی بخاتەڕوو ئەوا باشتروایە سبەینێش بەیاننامەیەك دژی سەلمان روشدی دەربکات و لەپرۆسەی چاوەڕوانکراوی دەستگیرکردن و دادگاییکردنی (مەریوان هەڵەبجەیی)

*شدا یەك دوو بەیان و بڵاوكراوە دەربكات و ئەگەر پێشی كرا رۆڵی داواكاری گشتی (مدعی عام) لەدادگاییكردنی هەر رۆژنامەنووس و نووسەرێكدا ببینێت و داوای قیێایێی عادلیش بكات بۆ هەركەسێك كە ئیلتیزامی ئاینی نەبوو، یان ئامادەنەبوو ئیلتیزاماتی ئاینی بخاتە پێش ئیلتیزاماتی نەتەوەییەوە.
*تێبینی: من مەریوان هەڵەبجەییم ناناسم و ئەو كتێبەشیم نەخوێندوەتەوە كە دەڵێن سوكایەتی بە ئیسلام كردوە.